

# له سلێمانی
# کۆنفرانسی شانۆی کوردی کۆتایهات

**شاز محەمەد –تایبەت بە پەیک**

شانۆی سالار ڕۆژانی ٤ تا ٢٠٠٧/١٢/٦و لە هۆڵی سلێمانی پالاسو بە چاودێری ( نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە میوانداری کۆمەڵێک لە شانۆکارانی شارە جیاوازەکانی کوردستان و بە ئامادەبوونی نوێنەری دەزگا و کۆمەڵە شانۆییەکانی کوردستان، کۆنفرانسێکی بۆ شانۆی کوردی سازکرد.

کۆنفرانسەکە لەژێر دروشمی: (لەپێناوی ئەو شانۆ گەشەی خۆزگەی شانۆکارانە) سازکرا و تیایدا چەندین لێکۆڵینەوە و باس سەبارەت بە شانۆی کوردی پێشکەش کرا، گرنگترینیان دوو تەوەر و باس بوون کە بریتی بوون لە: یەکەم، پرسی دامەزراندنی شانۆی نەتەوەیی کورد کە پرۆژەی هونەرمەند (سەباح عەبدولرەحمان) بوو. دووەم، بابەت و پرۆژەی بەئەندامبوونی شانۆکاری کورد بوو لە ئەنیستوتی شانۆی جیهانیی کە لەلایەن هونەرمەندان (هۆرێن غەریب و ئیبراهیم چێوار)وە پێشکەش کران. هەروەها چەند بابەتێکی تر لەلایەن هونەرمەندان (د. ئیبراهیم سمۆ و نیهاد جامی و شوان عەتوف و مۆفەق عارف لهۆنی و یاسین بەرزنجی و فازیل خەلیل)، پێشکەش کران.

لە دوارۆژی کۆنفرانسەکەدا بریار و راسپاردەکانی کۆنفرانس راگەیەندرا کە ئەمە پوختەیەکیەتی:

«دوابەدوای تەواوبوونی سەرجەم باسەکان دوو پرۆژەی گرنگ (دەزگای شانۆی نەتەوەیی کورد و بەئەندامبونی کورد لە ئەنیستیوتی شانۆی جیهانیی) خرانە بەرباس و لێدوانو بۆ گەیشتن بەئاکامێکی ئەکتیڤتر و شیاوتر بە زۆرینەی دەنگی نوێنەری دەزگاو پەیمانگە و تیپ و گروپ و کۆمەڵە شانۆییەکان لەسەر ئەوە رێکەوتن هەردوو پرۆژەکە پەسەند بکرێت، بەڵام بریاردانی کۆتایی بۆ مانگی ئازاری ٢٠٠٨ دواخرا. دیارە ئەم دواخستنەش بۆ رەخساندنی بوارێکی زیاترە کە نوێنەری لایەنەکان جارێکی دی و بەهەردوو پرۆژەکەوە بگەرێنەوە بۆلای ئەندامانی لایەنەکانی خۆیان و گفتوگۆ و لێدوانی تێروتەسەل ئەنجام بدەن و هەر جۆرە بۆچوون وپێشنیارێکیان هەیە بۆ هەمواركردنی پرۆژەکان دیاری بکەن و لەرێی نوێنەرەکەیانەوە لە کۆبوونەوەی سەرجەم نوێنەری هەرشارە و بەجیا ئەو پێشنیاز و بۆچونانە بەناوی ئەو شارەوە یەکبخرێن و پاشتر لە کۆتاییدا پرۆژە هەمواركراوە پێشنیازکراوەکانی شارە سەرەکییەکانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی تردا و لە سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٨و لەشاری دهۆک دارشتنەوەی کۆتایی و هەمواركراویان بۆ بکرێتو وەک دەسکەوتێکی مێژوویی بخرێنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بریاردان و جێبەجێکردن بەو نیازەی کە لە ٢٠٠٨/٣/٢٧ (واتا رۆژی جیهانی شانۆ) دا ئەو بریارە گرنگە بەئاکام بگات.

هەروەها سەرجەم پێشنیازی توێژینەوە و کۆرەکانی تری نێو ئەم کۆنفرانسە بەهەند وەرگیراون و ئەو پێشنیازانەی پەیوەندیان بەهەردوو پرۆژەی باسکراوەوە هەیە، لەکاتی هەمواركردندا لەوێدا جێیان بۆدەکرێتەوە و ئەو پێشنیازانەی تریش وەک پاشکۆی هەردوو پرۆژەکە بەهەند وەردە گیرێن و دەخرێنە بەردەم لایەنی بەرپرس لەو بابەتە وەک پرۆژەی جیاتر».

# چین پێشوازی لە فۆتۆگرافەرێکی کورد دەکات



سلیمان مەحمودی کەماستەری بەشی فۆتۆ گرافی زانکۆی هونەری تارانی هەیەو ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی هونەری شاری تەورێز، تائێستا کۆمەڵێک خەلاتی نێو نەتەوەیی وێنە گریی پێبەخشراوە

سلێمان مەحمود کە وێنە گرێکی فۆتۆ گرافیی کوردەو خەڵکی سەقزی رۆژهەلاتی کوردستانە، لە سالی رابردوودا خەلاتی هیومانێتی فۆتۆڤاردی ولاتی چین-ی پێبەخشرا بوو، لە پەکین-ی پایتەختی ئەو ولاتە خەلاتەکەی پێشکەشکرا.

فێستیڤالی هیومانێتی فو تۆڤارد ٢٠٠٧ لە رێکخراوی یونسکۆو ئەنجومەنی وێنە گرانی فۆلکلۆری چین هەردوو سال جارێک لە شەش بەشی پورترێت، تەلارسازی، جەژن و بۆنەکان و ژیانی رۆژانە بەرێوە دەچێتو لەهەر بەشێکدا کەسێک خەلاتی یەکەم، دووەم و سێ کەسیش خەلاتی سێهەم و بیست کە سیش خەلاتی شانازییان پێدەبەخشرێت.

سلێمان مەحمودی خەلاتی یەکەمی بەشی تەلارسازیی ئەم فێستیڤالەی پێبەخشراو وەک میوانی تایبەت لە رێورەسمی کۆتایی فێستیفالەکەدا پێشوازی لێکرا.

خەلاتی یەکەمی بەشەکانی تر پێشکەش بە کۆمەلێک هونەرمەند لە ولاتانی ئیتالیا فەرەنسا ئەمریکاو ئوستورالیا کرا.

# چەند وێستگەیەک لە جیاوازییە فیکرییەکان




(چەند وێستگەیەک لە جیاوازییە فیکرییەکان) ناوی کتێبێکی فکرییە، لە هەشت وتار پێکهاتووەو رێبوار حەمە تۆفیق لەزمانی فارسیەوە وەرگێراوەو دەزگای چاپو پەخشی سەردەم بەچاپی دەگەیەنێت.. لەبارەی ئەم کتێبەوە وەرگێر بە پەیک-ی راگەیاند: «خالی سەرەکیو هاوبەشی ئەم وتارانە، دیاریکردنی جیاوازی نێوان چەند بابەتێکی سیاسیو زمانەوانیو فەلسەفییە. ئامانج لە هەلبژاردنی ئەم دەقانە و کۆکردنەوەیان لەکتێبێکدا، خستنەرووی چەند وێستگەیەکە لەجیاوازیی فیکریی کەدەکرێت خوێنەری کورد تیایاندا ئێستێک بکاتو پرسیاریان لەسەر دروست بکات، هەروەکو چۆن پرسیارکردن رەهەندێکی سەرەکی هێنانەکایەی هەریەکێک لەو وتارانەیە بەرامبەر دیوە جیاوازەکانی خۆیان».

# بۆ سەیرکردنی فیلمی (خۆشەویستی لەزەمانی کولێرادا) مارکیز دەچێتە هاڤانا



رۆژی هەینی ١٢/٧ بە مەبەستی بەشداریکردن لە بیستو نۆیەمین فێستیڤالی سینەمایی ئەمریکای لاتین، رۆماننوسی کۆلۆمبی گابرێل گارسیا مارکیز چووە هاڤانای پایتەختی کوبا.

مارکیز خۆی یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ئەم فێستیڤالەو ئەمسال وەک میوانێکی ئەدیب بانگێشتکراوە. لە لێدوانێکدا بۆ کەنالەکانی راگەیاندن لە هاڤانا مارکیز لەسەر هاتنەکەی وتی: «من میوان نیم، من خۆم ئەم فیستیڤالەم دامەزراندووە».

مارکیز جگە لە چیرۆکو رۆمان چەندین سیناریۆی بۆ فلیم نوسیوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی بەشێکی زۆری رۆمانەکانی کراون بە فیلم کە دواترینیان رۆمانی (خۆشەویستیی لەزەمانی کولێرادا) یەو لەلایەن (مایکل نوێل)وە کراوە بە فیلم و بریارە لەم ڤیستیڤالەدا نمایش بکرێت. جێی بیر هێنانەوەیە ئەم رۆمانە لەلایەن چیرۆکنوسو وەرگێر (محەمەد کەریم)وە کراوە بەکوردیو لەسەرەتای سالی نوێدا دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەران.

# وۆرکشۆپێک بۆ دەرهێنانی فیلم




گروپی وێنەی بزاوی کوردی بە هاوکاری گەلەریی ئارام وۆرکشۆپێک بۆ دەرهێنانی فیلم بە هەردووئاستی (تیوری – پراکتیکی) سازدەکات.

بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە ئارەزومەندانی ئەو بوارە لە هەردوو رەگەز دەکات لە رۆژی (٥ تا ١١/ ١٢/ ٢٠٠٧) سەردانی گەلەریی ئارام بکەن بۆ ناونووسینو پرکردنەوەی فۆرمی بەشداریی.

شوێن: گەلەری ئارام/ سلێمانی . گەرەکی ئاشتی – خوار ئەمنەسورەکە.

رۆژانە کاتژمێر (٢ تا ٥) ی پاشنیوەرۆ دەتوانرێت فۆرم وەربگیرێت.



دەتوانیت پەیک لەم سایتانەدا بخوێنیتەوە:
www.rozhnama.com www.dengekan.com
سەرپەرشتیار : محەمەد کوردۆ mhamadkurdo@yahoo.com
ستاف: توانا ئەمین، شاخەوان سدیق، دیزاین : دیاری محەمەد
paik_rozhnama@yahoo.com
میدیا تیلیکۆم ٢١٠٦٨٩٣